راگەیاندنی ژمارە 1ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

# کۆبوونەوە و نارەزاییەکانی شەوی رابردووی شارەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، شانۆی بەهێزی زیندوویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان

دوێنێ دوانیوەڕۆ هەموو شارەکانی کوردستان، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سەقز، بۆکان، مهاباد، بانە، سەردەشت و پیرانشار، کۆبوونەوەی گەورە و هەزاران کەسیی خەڵك و پیرۆزبایی وتن بە بۆنەی هەڵبژاردنی مام جەلال تاڵەبانی، رێبەری کوردەکانی عیراق، وەك سەرکۆماری عیراقی بەخۆیەوە بینی.

خەڵکی کوردستانی ئێران جیا لەوەی کە پێشکەوتن و سەرکەوتنی برا کوردەکانی خۆیان لە عیراق جەژن دەگرن، هاوکات بە هەموو جیهانی نیشان دەدەن کە کوردەکانی ئێرانیش خوازیاری مافە نەتەوەییەکانی خۆیانن. ئەم خەڵکە بەو پەڕی ئارامی و لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا و بە سازدانی کۆبوونەوەی ئارام ویستوویانە بوونی خۆیان نیشان بدەن. رژیمی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە خواستەکانی خەڵکی کورد سەرکوت دەکەن، تەنانەت چاوی بینینی ئەم کۆبوونەوە ئارامانەشیان نیە و دستبەجێ هێرش دەکەنە سەر هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی خەڵك و حکوومەتی نیزامی بەسەر شارەکاندا دەسە پێنن.

دوێنێ دوانیوەڕۆش لە شارەکانی بۆکان و بانە و سەردەشت، بە ئاشکرا حکوومەتی نیزامیان زاڵ کرد و لە مهاباد و پیرانشار هێرشیان کردە سەر خەڵك. بەپێی دوایین هەواڵەکان، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رژیمدا، ژمارەیەك لە خەڵکی شاری پیرانشار و مهاباد بریندار بوون و لەو دوو شارە و لە شارەکانیتریش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك و بەتایبەت لاوان گیراون. لە ئەنجامی ئەو کردەوە سەرکوتگەرانەیەی کۆماری ئیسلامی، خەڵك لە مهاباد و پیرانشار دەستیان دایە دروشمدان لە دژی رژیم و ئەم درووشمانە لە شارەکانی دیکەش دراون و تا درەنگانی شەو خەڵك خەریکی شایی و هەڵپەرکێ و شیرینی بڵاوکردنەوە بوون.

ئێمە ئەم کردەوە وەحشیانەیەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین و خوازیاری ئازادیی هەموو گیراوەکانی نارەزاییەکانی شەوی رابردووی شارەکانی کوردستانین.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
1384/1/18 ڕێکەوتی 2005/4/7

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138**99
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**